

د. هیمدادی حوسێن

# رەخنەگری فەرزانە

جاران لە مەکتەبی سەرەتاییەوە تا گەیشتینە خوێندنی باڵا، کە باس دەهاتە سەر ژانرە ئەدەبییەکان و مێژووی ئەدەب هەمیشە و هەر لە سەردەمی شارستانیەت و ژیاریی گریک و رۆمانەوە و لە کتێبی "پیوتیکا"ی ئەرستۆ و هونەری شیعری "هۆراس"ەوە ئەدەب بەسەر دوو خانەدا دابەش دەکرا و شیعر و پەخشان. ئیتر هەر نووسینێک کێش و سەروای نەبووایە و بە نووسینێکی ئاسایی بنووسرایە پەخشان بوو.

ساڵان هات و رۆیشت، پێشکەوتنی بیر و هزری مرۆڤ و گەڕان بە دوای زانیاری لە پێناو شکاندنی یاسا باوەکان و رامان بۆ ئاسۆ دوورەکان و قووڵبوونەوە لە



**رەخنەگری بە توانا و شارەزا و زمانزان و ئاگەدار لە رەوتی رێباز و میتۆدە نوێیەکانی جیهانیمان زۆر کەمە**

ڕەهەندەکانی ئەودیو سنووری ڕەهەندەکان ئەوەی دەرخست بۆ نابێ دوو ژانری ئەدەبی پێکەوە موتوربە بکرێن و شتێکی تازەی لێ بەرهەم بێت مادامەکێ ژیان بۆ خۆی ئەزموون و تاقیکردنەوەی بیر و توانستەکانە؟ بۆ نابێ پەخشانە شیعر و شانۆنامەی شیعری و ڕۆمانە شیعر و چیرۆکە هەواڵ و... هەبێت؟.

لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەخنەییدا بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆک بوون ڕەخنەی زانستی و ئەکادیمی دەخوازێ یەک ڕەهەندی ڕەخنەیی لەبەر بگرێ و بە موو لێی لانەدا، ڕەخنەی سایکۆلۆجی یان سۆسیۆلۆجی یان زمانناسی و مێژوویی و... هتد، چونکە خاسیەت و بنەماکانیان جیاوازە و لە ڕوانگەی جوداوە تێ دەفکرن.

"ڕێنیە ویلیک" لە کتێبی "چەمکە ڕەخنەییەکان"دا ئەو بنەمایانەی ڕەت کردەوە و گەیشتە ئەو بۆچوونەی لە دنیای نوێدا زانیارییەکان هێندە زۆرن، ڕەخنەگرەکان بەو توانا زانستییەی جاران دەرەقەتی ڕاڤەکردن و گەیشتن بە چێژ و ناسینی بەها ستاتیکییەکانی دەق نایەن، سنوور و مەرزی تیۆری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەب و ئەدەبی بەراوردکاری، هەروا بێتەوە نێوانی ژانرەکانی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە و شیعر و وتار، دیسان بەینی دەروونناسی و فەلسەفە و کۆمەڵناسی تاڵە موویەکە، ڕەخنەگری ئەمڕۆ دەبێ فەرزانە و فرەزانا بێت، شاعیرێک یان چیرۆکنووسێک لە دەقەکەیدا ئاماژە بە چەندین زانیاری گەردوونی و فیزیا و زانستە ئەبستراکتەکان دەکات، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە تیۆرییەکانی کەسایەتی و دەروونی و فەلسەفی دەدوێ. بیرمەندە فەرەنسییەکانی وەکو دیدرۆ و ڕۆسۆ و ڕابلێ و مۆنتسکیۆ بۆیە دەستیان دایە بەر پرۆژەی ئینسکلۆپیدیا تاوەکو هەموو تاکێکی فەرەنسی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایەنە و زەمینەیەکی بەرفراوان بێ و لە ئاست گۆڕانکارییەکانی سەردەم دۆش دانەمێنن. ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تا ئێستا لە سڕبوون و خەودایە، ڕەخنەگری بە توانا و شارەزا و زمانزان و ئاگەدار لە ڕەوتی ڕێباز و میتۆدە نوێیەکانی جیهانیمان زۆر کەمە بتوانێ بە دیدێکی نوێ بێتە پێشەوە، مەخلەس درێژەی نەدەمێ و یێژم دەبێ فەرزانە بین.